گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بیری شۆڕشگێری لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا

**د. کوێستان جمال سلام**

بەشی زمانی کوردی، کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

kwestan.salam@univsul.cedu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢١/٢/٢

پەسەندکردن: ٢٠٢١/٣/١٠

بڵاو کردنەوە: بەهاری ٢٠٢١

**وشە سەرەکییەکان**

*Revolutionary Poetry, Resisting, Revolutionary Thinking, Peshmerga Occupation*

Doi: 10.25212/lfu.qzj.6.2.11

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بیری شۆڕشگێری لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا)، هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەو خستنەڕووی ڕۆڵی ئەدەب و شیعر و بە تایبەتیش شیعری شۆڕشگێری لە خەبات و تێکۆشانی کورددا لە پێناو رزگاری و سەربەخۆییدا. باسی ڕۆڵی لەتیف هەڵمەت کراوە لە گەشەپێدانی شیعری شۆڕشگێریدا لە ڕێگەی بیرکردنەوە پێشکەوتنخوازەکانییەوە. لە توێژینەوەکەدا بە وردی باسی سەرهەڵدانی بیری شۆڕشگێری و نووسینی شیعری شۆڕشگێری کراوە لای شاعیر و گرنگترین سیماو لایەنەکانی شیعری شۆڕشگێری لەتفی هەڵمەت خراوەتە ڕوو. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەش لە توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین ئەوەیە لەتیف هەڵمەت یەکێکە لەو شاعیرە دیارانەی، کە شیعری شۆڕشگێڕی و بەرگری، سنوورێکی بەرفراوانی لە ناو شیعرەکانیدا داگیرکردووە. تەنانەت یەکەم شیعری خۆی بۆ شەهید و پێشمەرگە نووسیوەو دەچێتە خانەی شیعری شۆڕشگێرییەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و پاش ئەوەی کوردستان بەسەر دەوڵەتەکانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریادا دابەش دەکرێت، گەلی کورد لە هەموو پارچەکان و بە تایبەتیش لە باشووری کوردستان، بەردەوام لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانیدا لە خەبات و شۆڕشکردن بەردەوام بووە. شاعیرانیش رۆڵێکی کاریگەر و بەرچاویان هەبووە لەو شۆڕشەکاندا. لەتیف هەڵمەتیش یەکێکە لەو شاعیرانەی رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە مەسەلەی خەبات و شۆڕشی کورددا، بۆیە لێکۆڵینەوەکەمان ناو نا (بیری شۆڕشگێڕی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا).

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** زۆر لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی شیعری لەتیف هەڵمەت کراوە، بەڵام ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ و تایبەت لەسەر لایەنی شۆڕشگێڕی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا نەکراوە. ئەمە بووە هۆی ئەوەی بابەتی شۆڕشگێڕی لای لەتیف هەڵمەت هەڵبژێرین و لە رێگەی شیعرەکانییەوە کاری لەسەر بکەین.

**گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:** گرنگیی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە، کار لەسەر رەهەندێکی شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دەکرێت، کە تا ئێستا لەلایەن لێکۆڵەرانەوە ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. ئەویش رەهەندی شۆڕشگێڕییە لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتداو دەرخستنی هەڵوێست و رۆڵی شۆڕشگێڕیی و نیشتمانپەروەریی لەتیف هەڵمەتە لە رێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە.

**سنووری توێژینەوەکە:** سنووری توێژینەوەکە دیوانە شیعرییەکەی لەتیف هەڵمەتە، کە بە ناوی ( دیوانی لەتیف هەڵمەت)ەو ساڵی ٢٠١٤ چاپ کراوە، بە تایبەتیش کار لەسەر ئەو شیعرانەی کراوە، کە دەچنە ناو رەهەندی شۆڕشگێڕی و بەرگریکردن لە نەتەوەو نیشتمان.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەو میتۆدەی لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا گیراوەتە بەر، میتۆدی مێژووییە، چونکە سروشتی توێژینەوەکە ئەم میتۆدە دەخوازێت و پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ رووداوەکانی مێژوو و ئەو سەردەم و بارودۆخەی شاعیر تیایدا ژیاوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتووە. بەشی یەکەم تایبەت کراوە بە قسەکردن لەسەر چەمکی شۆڕش و شۆڕشگێڕی و ڕەنگدانەوەی لە شیعرداو سەرهەڵدانی شیعری شۆڕشگێری لە باشووری کوردستان. هەروەها باسی ئامانج و سیماکانی شیعری شۆڕشگێری کراوە. بەشی دووەمیش تایبەتە بە شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی لەتیف هەڵمەت و تیایدا باسی سەرەتای سەرهەڵدانی بیری شۆڕشگێری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا کراوە. هەر لەم بەشەدا باسی بابەت و لایەنەکانی شیعری شۆڕشگێڕی لە شیعرەکانی شاعیردا کراوە. لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان نوسیوە، کە پێیان گەیشتووین. دواتریش لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نوسراوە.

## ١: وشەی شۆڕش چەمک و پێناسەی شۆڕش و ڕەنگدانەوەی لە شیعردا:

### ١-١ :چەمک و پێناسەی شۆڕش:

وشەی شۆڕش پەیوەندی بە حاڵەت و بارودۆخی ژیانی میللەتان و جۆری ئەو سیستمە حوکمڕانییەوە هەیە کە پیادەدەکرێت بۆ بەڕێوەبردن. هەر بۆیە لە مێژووی نوێی گەلاندا وە بەتایبەتی ئەو ماوەیەی بە (ڕێنسانس) ناو دەبرێت و تا ئێستاش ئەم وشەیە بۆ چەندین جۆری ڕاپەڕین و بزوتنەوەو هەژان لەپیناو دروست کردنی گۆڕانکاری (ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکری) وە گۆڕانکاری لەدەسەڵات و جۆری بەڕێوەبردنی وڵات لای گەلانی دونیا بەکارهێنراوە. ئەوەتە (نزیة ابو نضال) لە پێناسەی شۆڕشدا دەڵێت: "شۆڕش هەوڵی هێنانەدی ئاستێکی سیاسییە کە گەشەسەندن قبووڵییەتی" (ابو نضال، ١٩٧٩، ٨٤). کەواتە شۆڕش بۆخۆی دیاردەیەکی (ڕادیکاڵی) هاوچەرخە کە جۆرێك لە پێداگری تیایە، تا دەگاتە ئاستی دەمارگیری شۆڕشگێڕانە و توندوتیژی، لەسەر بناغەی نوێ کردنەوە و نوێ خوازی ڕاوەستاوە. وشەی شۆڕش لەناو زمانی زۆر بەی هەرە زۆری گەلانی دونیادا بەکار هێنراوە. لەزمانی ئینگلیزیدا بەکارهێنانی (revolution) شۆڕش واتای (قەڵەمباز) دەگرێتە خۆی، چونکە شۆڕش ئامانجی گۆڕانە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەگ و ڕیشەوە و هەر ئەم دروشمەش بەرز دەکاتەوە "ئەمەش ئەو جیاکارییە زمانییەیە کەلە زمانی ئینگلیزیدا لە نێوان گەشەکرنی پێکەوە پەیوەست و پلە بە پلە (evolution) لەگەڵ ئەو قەڵەمبازە جۆرایەتییەی کەلەوەی پێش خۆیی دادەبڕێت" (بشارە، ٢٠١٢، ١٠٥) وشەی شۆڕش (الثورة) لە زمانی عەرەبیدا" مانای (هەژان) کە بێگومان مانای تووڕەیی دەگەیەنێت" (هەمان سەرچاوە، ٨١). کەواتە وشەی شۆڕش واتای (هەژان و تووڕەیی و یاخیبوون) لەخۆی دەگرێت، بەڵام هەر لای عەرەبەکان وە بەتایبەتی بەلای (توفیق الحکیم ) لە کتێبەکەی بە ناوی (ثورة الشباب) هەوڵی داوە وشەی شۆڕش لەوشەی هەژاران جیابکاتەوە بەوەی کە دەڵێت: "جیاوازی نێوان شۆڕش و هەژان ئەوەیە کە (هەژان) تەڕ و وشك پێکەوە دەسوتێنێت و وەك ڕەشەبا تەڕ و وشك لە ڕیشەوە هەڵدەکێشێت، بەڵام شۆڕش سوودبەخشەکە دەهێڵێتەوە و هێزی لێوەر دەگرێت ... تەنیا بێکەڵکە پەرپوتەکە لەناو دەبات"(هەمان سەرچاوە، ٨٣).

سەبارەت بە زمانی کوردیش بە تایبەتی لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم، سەرەتا چەمکە عەرەبییەکانی وەك : (ئینقلاب گێڕان، اختلال، اختلالچی، هیجان) لەناو ئەو گوتارانەی کە لە (تێگەیشتنی ڕاستی و بانگی کوردستان و ..... هتد) دا بڵاو و دەکرانەوە بەکار دەهێنران لەجیاتی وشەی (شۆڕش). نموونە سەرەتایەکانی ئەم بەکار هێنانە لە شیعرێکی (موستەفا پاشای یاموکلی)دا دەردەکەوێت کە دەڵێت:

**دەترسـم ئـەی وەتـــەن بمرم نەبینم بەختیـــاری تـــۆ**
**هومـــای پەهلـــەوی کـــەی بـــێ بەسـەرتـۆدا بنیشێتۆ**
**هەموو قەومێ بە دەوڵەت بوون کەچی کوردان لەگەڵ یەکتر**
**خـەریکی شۆڕشن یـارەب وەکـو گورگان لەگـەڵ یەکتـر** (یامولکی، ١٩٢٢، ٢)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە (چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم) دا وشەی شۆڕش وەك چۆن لە زمانی عەرەبیدا بەکارهاتووە، لای کوردیش بە هەمان واتای (هەژان، ئاژاوە، هەراو هوریای توندوتیژ و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خوێناوی) بەکارهاتووە. لەپاش ئەم ماوەیە لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی بیری چەپگەرایی لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، وشەی شۆڕش بەمانا هاوچەرخەکەی لەناو زمانی کوردیدا بەکارهێنرا، کە بە واتای راپەڕینی توند و پڕلە هەڵچوونی سەرتاسەری خەڵکی ناڕازی دژ بە سەرکوتکاری و ستەمکاری دێت.

لەسنووری سەردەمیانەوە، لە بواری سیاسیدا بەم جۆرە پێناسەی شۆڕش کراوە، کە "جوڵانەوەیەکی میللی فراوانە لەدەرەوەی بونیادی دەستووری باو یاخود ڕەوایەتی، ئامانجی گۆڕینی سیستەمی حوکمرانی باوە لە دەوڵەتدا" (بشارە، ٢٠١٣، ٤٣) لێرەدا شۆڕش دەبێتە دروستکەری گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سیستەمی حوکمرانیدا.

لەپێناسەیەکی تری شۆڕشدا جەخت لەسەر هێزی ناوەکی شۆڕش کراوە و دەڵێت: "شۆڕش ڕوداوێکی سەروو سروشت و سروشتی باوە، چونکە هەموو شتێک دەکات تە نانەت مەحاڵیش، هەموو شتێکی ناو پەیڕەوی مێژوو دەگۆڕێت . وادەکات هەموو شتێک شیاوبێت بۆ گۆڕان و هەمواركردن و ڕەنگ کردن" (بریاش، ٢٠١٧، ٦٤).

شۆڕش لەم سەردەمەی ئێستاماندا بە نوێبوونەوەوە پەیوەستەو مژدەهێنەری شتە نوێکانە و ئامانجی گۆڕانکاری ڕیشەییە. زۆربەی لێکۆڵەرانیش پێانوایە "ئەوەی شۆڕشەکان لەوە جیادەکاتەوە، کە تەنها ئەرکی گۆڕینی حکومەت بێت، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەیەتی، کە پەیوەستە بە پشکوتنی سیستەمێکی ئابووری نوێوە" (بشارە، ٢٠١٢، ١٠٩). کەواتە هەموو گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریش دێتە ناو بازنەی شۆڕشگێڕییەوە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە گۆڕانی کۆمەڵایەتیش گۆڕانێکی مێژووییە و قەڵەمبازی شۆڕشگێڕانەی تێدەکەوێت و دەبێتە هۆی تێکچوونی بونیادە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

کەواتە شۆڕش هەڵوێستێکی مرۆڤایەتییە، هەر یەک لە هەڵوێستەکانیش شێوەی تایبەت بە خۆیان هەیە و زۆر بە توندی بەستراونەوتەوە بەو ڕۆڵەوە کە مرۆڤەکان دەیگێڕن. بەم جۆرە هەریەك لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شۆڕشە (سیاسی و هزری و ئەدەبی و ئابووری و هونەری و زانستی و تەکنەلۆجی) یەکان، بە پێی ئەو ڕۆڵە دەبێت، کە سەرکردەکان یان جوڵێنەری شۆڕشەکە دەیگێڕێت.

تایبەت بە شۆڕشی ئەدەبی و شیعریش، ئەم جیاوازییە شێوە و هەستی نوێ کەشفی دەکات و لە دەربڕینی بەرزی زمانەوانی و داڕشتنی هونەری و هەڵوێستی شۆڕشگێڕیدا شیعری نوێ بەرهەم دەهێنێت. بەمەش شیعر لە قۆناغێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ قۆناغێکی تر.

## ١ – ٢: سەرهەڵدانی شیعری شۆڕشگێڕی لە باشووری کوردستاندا:

سروشتی ئادەمیزاد وایە، کە جۆریك لە خولیای مرۆیی بۆ نوێگەری و گۆڕان لە ناخیدا چەسپاوە، بەڵام سەبارەت بە شاعیرەکان، بەتایبەت شاعیرە باڵا دەستەکان، ئەم جۆرە خولیایە بە ڕێژە و ڕادەیەکی بەرزتر لەناخیدا چەسپیوە. بەردەوام ناخیان دەهەژێنێت و توشی حاڵەتی تەقینەوەیان دەکات، چونکە ئەمان خێراتر هەست بە نامۆیی دەکەن. ئەمەش توشی یاخیبوونیان دەکات و بە توندی دەبنە لایەنگری گۆڕانەکان. هەموو ئەمانە لە حاڵەتێکی سروشتی و خەیاڵکردنەوەی شاعیرانە، لە هێنانە پێشچاوی کۆمەڵگایەکی بێ کێشە و گیروگرفتی ئازادی و یەکسانی تیایدا باڵا دەستە، دەبنە پاڵنەری ڕاستەقینەی شاعیران و بەرەو شۆڕش و نوێخوازییان دەبات لە پێناو بونیادنانی ژیانێکی هاوشێوەی خەونەکانیان . هەر وەك ئەحمەدی خانی دەڵێت: "کێشایە جەفا ژبۆ وی عامی" (ڕەسوڵ، ٢٠١٦، ٨٦)، یان هێمنی شاعیر کە دەڵیت: "لەت لەتم کەن بمکوژن هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن" (موکریانی، ٢٠٠٥، ١١٨). کەواتە شاعیران بەتەواوەتی لەبەرەی گەلدان و لە ناوجەرگەی شۆڕش و بەرگریکردندان.

بە گەڕانەوە بۆ مێژوو ئەوە بەدیار دەکەوێت لەگەڵ شۆڕشە (سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری)یەکاندا، هونەر و ئەدەبیش شۆڕشی خۆیان ئەنجام دەدەن، تاوەکو بتوانن شانبەشانی گۆڕانکارییەکان بڕۆن و ئەو بارودۆخ و حاڵەتە نوێیە لە چوارچێوەی دەقێکی ڕازاوە و بەرز و بەهێزدا دەربڕن و ببنە وێنەی ڕاستەقینەی گۆڕانکارییەکانی ناو ژیان. لەناو شۆڕشی ئەدەبیدا (شیعری شۆڕشگێڕی) دەبێتە لایەنێکی دیاری شۆڕش و گۆڕانکاریەکان. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە شیعری شۆڕشگێڕی لە توانایدایە ڕاستەوخۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و لە نزیکەوە تێکەڵ بە شۆڕش ببێت و ببێتە پشتیوانی بەهێز بۆ شۆڕشە جەماوەری و سیاسییەکان، ئەگەر نا هەر لە دووریشەوە بێت لە توانایدایە لایەنگری خۆی بۆ شۆڕشە کە دەربخات.

هەست و بیری شۆڕشگێڕیش بەشێکە لە پێکهاتەی ڕۆشنبیری تاك و کۆمەڵ، کە کەسی ئەدیب و شاعیر کاری لەسەر دەکات. لە نووسین و بەرهەمەکانیدا پێکهاتەکانی دروست دەکات بە ئامانجی چاندن و پەرەپێدانی  ئەو هەست و بیرە لە ناو ناخ و کەسایەتی تاك و کۆمەڵدا. هەر بۆیە دەق و بەرهەمەکانی شاعیرە شۆڕشگێڕەکان سەرچاوەو هۆکاری گەورەی بەهێزکردن و پەرەپێدانی لایەنە شۆڕشگێڕییەکەی ناو نەتەوەکانن.

لە ناو ئەدەبی کوردیدا سەرهەڵدانی ئەم جۆرەی شیعر پەیوەندیی هەیە بە دۆخی داگیرکاریی خاکی کوردستان و پارچە پارچە کردن و دابەشکردنی خاك و نەتەوەی کورد بەسەر چەندین دەوڵەتی جیا جیادا. نەتەوەی کورد خاوەنی مێژوویەکی دووروو درێژی پڕ لە داگیرکارییە، کە بەهۆیەوە بێ بەش کراوە لە ئازدی سیاسی. بە درێژایی مێژووی داگیرکاری، کورد هیچ جۆرە دەرفەتێکی نەبووە، کە پەیڕەوی ئازادییە سیاسییەکانی خۆی بکات و بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسیانەی خۆی بدات و جۆر و شێوازی سیستەمی حوکمڕانی بۆخۆی هەڵبژێرێ و دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنی. ئەمانە هەموی بوونەتە هۆی ئەوەی مەیدانی ئەدەب ببێتە ئەو پانتاییەی، کە هۆشیاری و ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و نیشتمانی و بیرۆکە و پلانە سیاسییەکانی خۆی لە ڕێگای دەنگە ئەدەبییە سیاسی و شۆڕشگێڕییەکانیەوە دەرببڕێت.

ئەحمەدی خانی، کە بە دامەزرێنەری بیری ناسیۆنالیزمی ناو ئەدەبی کوردی دادەنرێت، لە شاکاری (مەم و زین)دا شیعر دەکاتە مەیدانی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و سیاسی کوردی ودەڵێت:

**د اخـــەلق نـــــەبێژن کو ئەکراد**

**بێ مە عریفەتن  بێ ئەصڵ و بنیاد**

**ئەنواعی میلەل خودان کتێبن**

کرمانج تەنێ د بێ حسێبن (رەسول، ٢٠١٦، ٨٤)

دواتریش شعیرانی وەك (نالی – سالم – حاجی قادر .... هتد) بەردەوامی بەم ڕێچکەیە دەدەن. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین بەدرێژایی ئەم مێژووە ئەدەب بەشێکی گرنگی خەباتی نەتەوەی کوردی بەڕێوە بردووە و بەتوندی خۆی گرێداوە بە سیاسەت و شۆڕش و جەنگ و ڕاپەڕین و ئازار و نەهامەتیەکانی گەلی کوردەوە .

لەناو مەیدانی سیاسیدا و لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشە چەکدارییەکاندا شیعر ڕۆڵی سەرەکیی بینیوە، بەتایبەتی لەسەرەتای سەدەی بیستەم و پاش جەنگی یەکەمی جیهان، کە لە ئەنجامدا پارچە پارچە بوونی خاکی کوردستان و دابەشبوونی بەسەر چەندین دەولەتی نوێ وەک (عێراق و سوریا و تورکیای کەمالی) لێ کەوتەوە.

سەبارەت بە باشووری کوردستانیش لە بەر ئەوەی خاکێکی دەوڵەمەند بوو بە نەوت و کانزاکان، ئەمە وای کرد لە هەرسێ ڕێکەوتننامە گەورەکەی ئەوسەردەمەی نێوان زلهێزاندا (سایکس بیکۆ، سیڤەر، لۆزان)دا گرنگی زیاتر و کێشمەکێشی زیاتر لەسەر ئەم پارچەیە بەدیار بکەوێت. تا لە کۆتاییدا ئەم بەشە بەشێوەیەکی فەرمی لە ناو سنووری سیاسیی دەوڵەتی پادشایی عێراقدا دانرا و بوو بە بەشێك لە خاکی دەوڵەتی عێراق . بەمە هەموو خەون و ئاواتەکانی کورد بۆ ئازادی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بە تەواوەتی لە ناوچوو .

عێراق هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە کەوتە ژێر باری گرانی حوکمی ئینتیدابی بەریتانیا، کە لەڕێگەی پیاوانی تایبەت بە خۆی زۆر بە توندی حوکمی عێراقی دەکرد و بارودۆخێکی خراپ و نالەباری بەسەر خەڵکی عێراقدا هێنابوو. هەر بۆیە بزوتنەوەی جەماوەری دژ بەو دۆخە لە پەرەسەندندا بوو. بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی تر، ڕاپەڕین و شۆڕشەکان دەستی پێکرد . لێرەوە ئەزموونی شیعری شۆڕشگێڕی کوردیش سەر هەڵدەدات" شیعریی شۆڕشگێڕی کوردی بەشێکە لە ئەزموونی شیعری ئەو وڵاتە ژێردەستانەی جیهانی سێیەم کە ناچارییەك لە دۆخی سیاسی وڵاتەکەیان وای کرد کە ڕووبکەنە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیعری شۆڕشگێڕی" (یەعقوبی، ٢٠١٨، ١٥). شۆڕشی کوردی لەپێناو بەدەستهێنانەوەی مافی نەتەوەیی و نیشتمانیدا سەری هەڵدا. مەبەستی شیعری شۆڕشگێڕیش لە جەوهەردا دروستکردنی ناسنامەی نەتەوایەتییە، واتە" ئەو شتەی کە لەسەر ئەرزی واقع و لە ناو جیهانی سیاسی دا هەوڵی هەڕەشە لێکردن و سڕینەوەی دەدرێت لە ناو جیهانی ئەدەبیات و شیعریی شۆڕشگێڕیدا جیگای دەکرێتەوە" (هەمان سەرچاوە). (بێکەس) ی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرە دیارانەی ئەو سەردەمە، کە لە ڕیزی پێشەوەی ڕاپەڕین و شۆڕشە جەماوەرییەکاندا دەنگی شیعری بەرزکردۆتەوە و هانی خەڵك و جەماوەری داوە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، هەر وەك دەڵێت:

**داری ئازادی بە خوێن ئاونەدریٚ قەت بەر ناگریٚ**

**سەربەخۆیی بیٚ فیداکاری ئەبەد ســـــــەرناگریٚ** (ئاشنا، ٢٠٠٨، ٨٧)

بەردەوامبوونی شۆڕش گەیشتە ئەو ئاستەی هەموو گەلی عێراق بەیەکەوە شۆڕشیان بەرپاکرد و سوپای عێراق چووەپاڵ جەماوەر و توانیان (بەغداد) ی پایتەخت بگرن و لە (١٤) ی گەلاوێژی (١٩٥٨)دا ڕژێمی پادشایەتیان ڕووخاند و ئیعلانی ڕژێمی کۆماری کرا لە عێراقدا . ئەم شۆڕشە و دەرەنجامەکانی کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر شاعیرانی کورد لە باشووری کوردستان. شیعری ساڵانی پەنجاکانمان بە جۆرێك بوو، کە شاعیر هەوڵی دەدا هۆشیاری (سیاسی و سەربەخۆیی و کۆمەڵایەتی) بکاتە ئامانج، "لەپەنجاکاندا خەباتی سیاسیانەی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان لە پیناو بەدەسست هێنانی مافە نەتەوایەتیەکانیان لەلایەك و ئاوێتەکردنی ئەو خەباتە بە خەباتی سەرجەمگەلانی عێراقەوە دژی ڕژێمی پاشایەتی بووە مایەی ئەوەی کە بابەتی سیاسی و شۆرشگێری لە پیشەوەی بابەتە شیعرییەکانی ترەوەبن" (ئەمین، ٢٠٠٣، ١١١). هەر بۆیە دەبینین لەو سەردەمەدا کۆمەڵێك شاعیری دیاری وەک (کاکەی فەلاح و گۆران و کامەران و دیلان و هەردی ..... هتد)، بە هەمان هەست و گرنگیدانەوە دەکەونە پیاهەڵدان بە شۆڕش و هاندانی خەڵك بۆ پشتیوانی لەو شۆڕشە، بەو هیوایەی وڵات لە ژیر سایەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیستەمی جەمهوریدا بەرەو باشتر ببرێت و ئاشتی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموو خەڵک فەراهەم بکرێت.

بەڵام حکومەتی نوێی عێراق سەبارەت بە کورد راستگۆ نەبوو، بۆیە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکان سەری هەڵدا. شیعری بەرگری و شۆڕشگێڕی ڕۆژ بۆ ڕۆژ زیاتر گەشەی دەکرد و فراوانتر دەبوو. لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی نەتەوەی کورد لە باشوور لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیدا و دامەزرانی سەنگەری شەڕو بەرگری، سەنگەری ڕۆشنبیران و شاعیرانی شۆڕشگێڕیش لەناو شۆڕشەکەدا ئامادەیی گەورە و کاریگەری هەبووە. شیعری کوردییان لە قۆناغی شیعری هۆشیارکردنەوەی بیری نەتەوەیی و سیاسی و نیشتمانییەوە بردە ناو قۆناغی شیعری جەنگ و بەرگری و شۆڕش و خەبات لە پێناو بەدیهێنانی ماف و ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەیدا. هەربۆیە دەبینین یەکێك لە سیما دیارەکانی شیعری ئەو سەردەمە سیما شۆڕشگێڕییەکەی بوو، کە بەهۆیەوە شیعری شۆڕشگێڕیی ڕاستەقینە لەسەر دەستی کۆمەڵێك شاعیری گەورەی وەک (شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت هتد....) سەریهەڵدا.

**١ – ٣: ئامانجەکانی شیعری شۆڕشگێڕی:**

لەبەرئەوەی هەر شۆڕشێك شاعیری خۆی هەیە، کە شیعر بۆ شۆڕشەکە دەنووسنەوە، ئەو شاعیرانە لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی خۆیاندا هەمان ئامانجەکانی شۆڕشەکە جێگیر دەکەن. لەبەر ئەمە دەتوانین ئامانجەکانی شیعری شۆڕشگێڕی لەم خاڵانەدا دیاری بکەین:

١- هاندانی خەڵك بۆ شۆڕش کردن، بە ئامانجی بەردەوامیدان بە شۆڕش .

٢- بەردەوامیدان بە بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی بە ئامانجی گرێدانی جەماوەر بە کێشە نەتەوەیی و سیاسییەکانیانەوە.

٣- پەردە لادان لەسەر تاوانە داگیرکاریەکان .

٤- زیادکردنی وشەسازی شۆڕشگێڕی بۆ ناو شیعرە شۆڕشگێڕییەکان .

هەر بۆیە شیعری شۆڕگێڕی شان بە شانی شۆڕشی سیاسی و نەتەوەیی هەنگاو دەنێت و دەبێتە هۆی جۆشدان و کۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوری شۆڕش.

**١– ٤: سیماو تایبەتمەندیە دیارەکانی شیعری شۆڕشگێڕی : -**

شیعری شۆڕشگێڕی بەشێکی دیاری شیعری نەتەوەکان پێکدەهێنێت، چونکە هیچ نەتەوەیەك نییە لە مێژووی خۆیدا شۆڕشی ئەنجام نەدابێ. هەموو شۆڕشێکیش ڕۆشنبیر و شاعیری خۆی هەیە، کە ئەو شۆڕشە دروستی کردون. کەواتە ئەوەی کە شۆڕش دروست دەکات شاعیر نییە، بەڵکو ئەوە واقعێکە، کە دروستی دەکات و بەردەوامیشی پێدەدات و شاعیران و نووسەران و جەنگاوەرانی خۆشی دروست دەکات. کەواتە شۆڕش نەوەی شۆڕشگێڕ بونیاد دەنێت " هەموو شۆڕشێك ئەدەبێکی هەیە کە دەربڕینی لێ دەکات، وە ستایشی قارەمانێتی و خۆڕاگری و بەرەنگار بوونەوەی پیاوەکانی دەکات و ڕای گشتی بۆ دژایەتی کردنی داگیرکەر دروست دەکات" (مزدور، ٢٠٠٥، ٨).

شیعری شۆڕشگێڕی وەك هەر جۆرە شیعرێکی تر خاوەنی چەندین سیما و تایبەتمەندی دیاری خۆیەتی، گرنگتتینیان بریتین لە:

١- شیعری شۆڕشگێڕی شیعری هەست و سۆز وروژاندنی جەماوەر و شۆڕشگێڕانە، شیعری هاندان و هەڵمەتبردنە لە پێناو ڕیشەکێش کردنی داگیرکەران و ستەمکاراندا. هەربۆیە شەقڵی جەماوەری وەردەگرێت و دەبێتە زمان حاڵی نەتەوە داگیرکراوەکان و چینی ستەم لێکراوان .

٢- شیعری شۆڕشگێڕی لە جەوهەر و ناوەڕۆکدا شیعرێکی گەشبینە، چونکە هیواو ئاوات جێگای ڕەشبینی و نائومێدی دەگرێتەوە.

٣- ستایش و پیاهەڵدانی شۆڕش و شۆڕشگێڕان لەسەرکردەو جەنگاوەران و خۆڕاگری دیل و زیندانی شۆڕشەکە سیمایەکی تری شیعری شۆڕشگێڕی پێك دەهێنێت.

٤- وێنەی نیشتمان، نەتەوە، شەهید لە چوارچێوەی بەرزی و پیرۆزیدایە و بەهادارترین وێنە شیعرییەکانی ناو شیعری شۆڕشگێڕی پێکدەهێنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٥- نزیکترین شیعری شۆڕشگێڕی لە شۆڕشەوە ئەوەیانە، کە شاعیرەکە خۆی لە ناو سەنگەری خەبات و شۆڕشدایە. هەم بەچەکەکەی دەستی و هەم بە قەڵەمەکەی چالاکی و سەرکەوتنەکانی شۆڕش تۆمار دەکات و دەنووسێتەوە.

٦- شیعری شۆڕشگێڕی زیاتر دروشم ئاسایە، بۆیە لای بەشێک لە شاعیرەکان لایەنی هونەری فەرامۆش دەکرێت و شیعرەکان دەبنە هات و هاوار و ریکلامی سیاسی و دروشم ئاسا دەبینرێن. لەگەڵ ئەمەشدا بەشێکی دیاری شیعرە شۆڕشگێڕییەکان هەموو مۆرك و ئەدگارە ڕەسەنەکانی هونەری شیعریان تێدایە و لایەنی هونەری بەتەواوەتی بایەخی پێ دراوە.

٧- لەڕووی زمانی شیعرییەوە، شیعرە شۆڕشگێڕییەکان، کۆمەڵێکی زۆر وشەی نوێیان هێناوەتە ناو زمانی شیعرەوە، کە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی وێنەی خەبات و قوربانی و جەنگ و تێکۆشانە لە پێناو ئازادی و دادپەروەریدا.

## ٢- ڕەنگدانەوەی شۆڕش و بیری شۆڕشگێڕی لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا:

### ٢-١: بیر و بیری شۆڕشگێڕی لای لەتیف هەڵمەت:

(بیر) کردەی عەقڵە یاخود "بیر درککردنی عەقڵە لە تاکدا" (www.ruyaa، ٢٠١٧)، هەروەها بەرپرسیارێتی و چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەییشە . ئاستی نووسینی بیر ئەگەر تاکەکەسی بوو، ئەوا کاریگەری و سوودێکی ئەوتۆی نابێت و کاریش لە دەسەڵات و داگیرکەر ناکات لەوانەیە پێی نیگەران بێت. بە هەندی وەر ناگرێت بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر نووسینەوەی بیر شێوازێکی گشتی و کۆمەڵایەتی وەربگرێت، لە پێناو پەروەردەکردنی تاك بە پەروەردەکردنێکی ئازادانەو شۆڕشگێڕانەو نوێ خوازانە، ئەوا ئەو کاتە بیر و هۆشیاری کاریگەریی دەبێت و کەسی بیرمەند و شاعیریش شارەزاییەکەی خۆی فێری خەڵکی دەکات. کاتێك دەرەنجامی بیرکردنەوە بەم شیوەیە بێت، ئەوا داگیرکەر تووشی تووڕەبوون و شپرزەیی دەبێت. بیری شۆڕشگێڕی لەم جۆرەی بیرکردنەوەیە، چونکە

داوای بە گژداچوونەوەی چەکدارانە و سەنگەر لێگرتن و پەلاماردانی ستەمکاران و داگیرکەران دەکات. تاکە ئامانجیشی لەناوبردن و ڕووخاندنی ئەو هێزە ستەمکارانەیە و ئەنجامدانی گۆڕانکاری ڕیشەییە لە سیستەم و دەسەڵاتدا بەمەبەستی دامەزراندنی سیستەمێکی نوێ، کە تیایدا مرۆڤەکان پارێزراو بن و ڕزگاربن لە ستەم و ئازادانە بژین.

هەر لەبەر ئەمەیشە بە درێژایی مێژوو داگیرکەران هەستیارن بەرامبەر بە هۆشیاریی تاك، لە هەموو هەڵوێستوەرگرتنێکی شۆڕشگێڕانە دەسڵەمنەوەو دەست دەکەن بەداڕشتنی ستراتیژی پەراوێزخستنیی ڕۆڵی تاك. بەتایبەت تاکی ڕۆشنبیر و شاعیر و دانانی گەمارۆی هزری و زۆرجاریش بەکارهێنانی هێز بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی دەنگی شۆڕشگێڕان و ئازادی خوازان.

بیری شۆڕشگێڕی بەکارهێنانی شێوازێکی نوێی مامەڵەکردنە لەگەڵ بیری داگیرکاری و ستەمکاری. شیعری شۆڕشگێڕیش بەو پێیەی، کە لەم بیر و باوەڕەوە سەرچاوەی گرتووە، زمانێکی نوێی بیر و هەڵوێستوەرگرتنە بەرامبەر بە هێزی ستەم و داگیرکاری، بە ئامانجی لەناو بردنی ئەو هێزە لە ڕێگای ڕەوایەتی دان بە شۆڕشە چەکدارییەکە و کۆمەك و پشتیوانی کرنی شۆڕش و شۆڕشگێڕان.

(لەتیف هەڵمەت) لەناو هەناوی ڕێچکە نوێخوازییەکەی خۆیدا ڕەنگرێژی بۆ شێوازی بیرکردنەوەی نوێ دەکات، کە لە ناو خۆیدا هەموو سیما و خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕانە و نەتەوەخوازانەی لە خۆی گرتووە. هەر لە ڕێگای ئەمەشەوە هەواڵ دەدات بیری تاکی کورد بە ئاڕاستە و ڕێڕەوە شۆڕشگێڕییە پێشکەوتنخوازەکەدا بەرێت، تاوەکو هۆشیار بێت بەرامبەر بەهەردوو جۆرەکەی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی بە هەردوودیوی شەڕخواز و کۆنەپەرست و بەرژەوەندخواز، لەگەڵ دیوە ئاشتیخواز و مرۆڤدۆست و شۆڕشگێڕو خەباتکارانەکەیدا. بۆ هەردوو ئەمەش پێویستی بە بیر و بۆچوون و مامەڵەکردنی نوێ بووە لەگەڵ واقیع و ژیاندا.

لەتیف هەڵمەت لە ئەزموونی شیعریی خۆیدا ئەم شێوازە بیرکردنەوەیەی هەڵبژاردووە. ئەمەش بەرزیی ئاستی هۆشیاری و ڕووناکبیریی شاعیر دەردەخات. هەموو ئەمانەشی لە ناو فۆرم و قاڵبی شیعری نویٰ و ئازاددا دارشتووەتەوە . هەروەك دەڵێت:

**من هەرزیندووم**

**بزرناکری ناو مێژووم**

**هەتاکوو سەر ئەمێنم**

**بەستەکانم وەکو ئاگر**

**ئە وروژێنم**

**لە ستەم کار**

**لە دوژمنی چاو سوری دڕ**

**هەتاکو سەر**

**ڕووئەکەمە داگیرکەر**

**بێگانە**

**هاوار ئەکەم نەمن مردوم**

**نە کوردستان گۆڕستانە** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٩ – ٢٠)

لەم شیعرەدا بیرۆکەی بەخشینی نەمری بە کورد و مانەوەی نەژادی کورد لە سەر خاکی کوردستان، یەکێکە لەو بیرە شۆڕشگێڕیانەی، کە (لەتیف هەڵمەت) جەختی لەسەر دەکاتەوە و تاکی کوردی پێ پەروەردە دەکات، تا بزانێت بوون و مانەوەی لەسەر خاکی خۆی چەندە هێزێکی گەورەیە و بەرامبەر بە هێزی داگیرکەران هەرگیز چۆك دانادات. هەممو ئەمەش لە پێناو پەروەردەکردنی ئەقڵی تاکی کوردە لەسەر ڕێچکەی بیرکردنەوەیەك کە لەتوانایدا بێت، هیز و نرخ و بەهای نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی بدۆزێتەوە و بەرامبەر بە هێزی داگیرکەر بەکاری بهێنێت.

**٢ – ٢: سەرەتا و دەستپێکی نووسینی شیعری شۆڕشگێڕانە لای لەتیف هەڵمەت:**

لەتیف هەڵمەت هەر لەسەرەتای شیعر نووسینیەوە باوەڕی تەواوی بە کێشە نەتەوایەتی و سیاسییەکەی گەلی خۆی هەبووە، ویستویەتی لە ڕێگای بەهرە و توانا شیعرییەکەیەوە خزمەت بە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەی بکات و بچێتە سەر ڕێگای شۆڕش و ببێتە بەشێك لە شۆڕشگێڕان وە لەگەڵ نووسینی یەکەم شیعری بۆ شۆڕش بووە بە بەشێک لە شۆڕشەکە. یەکەم شیعر کە نووسیویەتی لە ڕیکەوتی هەر بۆیە دەبینین (٢٢/ ٨/ ١٩٦٣) دا بووە و بەبۆنەی شەهید بوونی (٢٨) پێشمەرگەی قارەمانەوە بووە، کە لە ناوچەی (قاتەکان) ی سەربە شارگەی (کفری) کەوتونەتە ناو بۆسەی تانك و زرێپۆشی سوپای عێراقەوە و لە شەرێکی دەستەو یەخەدا شەهید بوون. هەروەك خۆی دەڵێت: "من قەرزاری ئەو ڕوداوەم شاعیرێتی من لەو ڕووداوەوە دەستی پێکردوە" (چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٥). هەرچەندە ئەم شیعرە وەک یەکەمین ئەزمونی شیعری شاعیر لەڕووی هونەرییەوە لاوازی پێوە دیارە، بەڵام شاعیر بەو شیعرە و ئەوانی پاشتریشی خۆشحاڵە و دەڵێت: "بەختەوەرم بەوەی یەکەمین شیعرم شیعرێکی نیشتیمانی و شۆڕشگێڕی بووە" (چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٥). ئەمەش نموونەی چەند دێرێکی ئەو شیعرەیە:

**ئەی پێشمەرگەی قارەمان**

**خەباتکـــــەری نیشتمــان**

**بۆ لــە خوێنا بووی خلّتــان**

**خەنجـــەردەرکە لــە کیلان**

لە دوای ساڵێك شیعرێکی تری هاوشێوەی ئەم شیعرە، بەڵام کەمێك باشتر دەنووسێت، کە تیایدا دەڵێت:

**دیسان هەڵوەری شێرێتر لە ژین**

**وەك هەڵوەرینی گوڵ لەناو باخا**

**جەستــە پاکـــەکی ببـەن بینێژن**

## چەشنی ناشتنی گوڵ لە پەرداخا

ئەم شیعرانە نموونەی دەستپێکی شیعر نووسینیەتی. کەواتە (لەتیف هەڵمەت) جیا لە شاعیرانی تر، کە یەکەمین شیعریان شیعری عەشق و دڵدارییە، ئەم یەکەمین شیعری بۆ شەهید و پێشمەرگە نووسیوەو دەچێتە خانەی شیعری شۆڕشگێڕییەوە، چونکە بابەتی شیعرەکەی بابەتێکی شۆڕشگێڕییە. هەر بەم جۆرە و لە ڕێگای ئەم شیعرانەوە (لەتیف هەڵمەت) خۆی دەگەیەنێتە ناو جەرگەی شۆڕش و هەست و بیری خۆی تێکەڵ بە شۆڕشی کورد لە باشوور دەکات.

لەدوای ئەم ماوەیەو لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمداو دوای قووڵبوونەوەو تێکەڵبوونی بە ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕانەی جیهان و گەلانی ناوچەکە و قاڵبوونی لەناو ئەو جیهانە شیعرییەدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی (١٩٦٩)دا دەبێتە پێشمەرگە لەگەڵ لایەنی مەکتەبی سیاسی، لەم ماوەیەدا کۆمەڵێك شیعری شۆڕشگێڕی لە قاڵبی هونەری بەرزو نوێدا دەنوسێت. لە کۆمەڵە هۆنراوەی یەکەمیدا، کە بەناوی (خوا و شارە بچکۆلەکەمان)ەو ساڵی (١٩٧٠)دا بڵاوی کردووەتەوە، دیارترین ئەو شیعرانە ئەمانەن: (چرایەك لە شەپۆلی گەرداودا، ڕەنگی باران، لەسەنگەری ژیانا، شەبەق لە شەودا، ناونیشان، لقی هەتاو). لەم ڕێگایەشەوە جارێکی تر هەڵوێستی پڕ لە شۆڕشگێڕانەی خۆی لە شیعردا بەیان دەکات و بە تەواوی بەرەو ڕێچکە شۆڕشگێڕییەکەی شیعر هەنگاو دەنێت.

(لەتیف هەڵمەت) بۆ چوونە ناو شۆڕش و نووسینی شیعری شۆڕشگێڕی، پشت بە بەرزخوازییە سیاسییەکەی خۆی دەبەستێت. واتە بەبێ بیرکردنەوەی قوڵی سیاسییانە و شۆڕشگێڕانە هەنگاو نانێت، چونکە ئامانجی مانەوەو بەهێزکردنی شۆڕشەکە بووە. بۆیە هەر لەسەرەتاوە بیرکردنەوەکانی بە ئاڕاستەی دانانی پلانێکی نوێ بووە بۆ ناوەڕۆکی شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی لە پێناو بەردەوامیدان بە شۆڕش تا سەرکەوتن. لەتیف هەڵمەت بۆ جاری دووەم لەسەرەتای مانگی (٣-١٩٧٤)ەوە تا جێبەجێکردنی پلانی (ئەلجەزائیر) لەڕاگەیاندنی شۆڕشدا کاری کردووەو وتاری شۆڕشگێڕی و کۆپلەی شیعری بەرگری بڵاوکردۆتەوە. لەدوای پلانی (ئەلجەزائیر) دەبێتە پێشەنگی شیعری شۆڕشگێڕی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرگریکردن لە شارداو لە ژمارە (٤١) ی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)دا لە مانگی (ئاب) ی (١٩٧٦) دا لەژێر ناونیشانی ( بۆ ئەو شارەی خۆشم دەوێ و خۆشم دەوێ)دا نۆ پۆستەرە شیعری بڵاوکردەوەو لەم بارەیەوە (ئەرسەلان بایز) ئاماژە بەبۆچونی شاعیری ناسراو (دڵشاد عبدالله) دەکات کە دەڵێت: "لەتیف ئەوکاتە ببوە ڕەمزی مقاوەمەت" (بایز، ١٩٩٩، ٥٥).وەک ڕۆشنبیر و شاعیرێک بەردەوام خۆی بەدوور گرتووە لە هەڵچونی دەروونیی کورت مەودای بێ پلان . کەواتە (لەتیف هەلمەت) لەسەر بناغەیەکی پتەوی فەلسەفی و فکری و هۆشیاری سیاسیانە و لە هەستکردنێکی قووڵەوە بۆ مەسەلە نەتەوایەتیەکەی و کێشە نیشتمانیەکەی شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی دەنووسێت و دەیکاتە بزوێنەری شۆڕش و هاندانی جەماوەر بۆ بەرگری کردن لە ماف و ئازادیەکانیان.

**٢-٣: بابەتە شیعرییەکانی ناو شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی لەتیف هەڵمەت:-**

عەشق و خۆشەویستیی خاك و نیشتمان و نەتەوە، زۆر بە قوڵی لە ناو ناخ و دڵ و مێشکی (لەتیف هەڵمەت)دا ڕەگیان داکوتاوە. هەر ئەم عەشقەش پاڵنەر بووە بۆ شیعر نووسینی، بۆ یاخی بوونی، بۆ بوونی بە پێشمەرگە. کەواتە بناغەو بنیاتی شیعر نووسینی لەم عەشقەوە سەرچاوەی گرتووە . شیعرەکانی ڕەگی قوڵیان بە ناو مێژووی ڕاپەڕین و شۆڕش و خەباتی گەلی کورددا بڵاوکردۆتەوەو بووە بە سەرچاوەی کەرەستە و بابەتە شیعرییەکانی.

(لەتیف هەڵمەت) هەموو مێژووی کورد بە ڕابووردوو بە ئێستاو داهاتووشیەوە دەکاتە زنجیرەیەك و بە شێوازێکی هونەری بەرز و کاریگەر وێنەی هەموو ئەو ژیانە پڕ کارەساتەی تیا تۆمار دەکات. وەك لەم نموونە شیعریەدا بەناوی (بۆ ئەو ڕۆژەی کە هالی ئەکشێ)یە دەڵێت:

**شارەکەی من .. یەکەم شانۆی تاوانە**

**جەردە یاسای بەدەستە**

**پێغەمبەر دیلی زیندانە (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٦٤)**

لێرەدا مێژووی تاوانی داگیرکردنی کوردستان دەگێڕێتەوە، کە چۆن داگیرکەران کوردستانیان کردۆتە تەختەی شانۆی تاوانەکانیان، لەسەر ئەو خاکەی، کە نە یاسا و نە ئاین دەسەڵاتیان نییە، دەسەڵات لای جەردە و جەلادە. کوردیش لە ناو ئەو شانۆیەدا ئەکتەرێکی دەربەدەر و بێ زمانە و نەخۆی دەزانێت ڕۆڵی ڕاستەقینە ی بگێڕێت و نە ڕێگاشی پێدەدرێت. وەك دەڵێت:

**ئێمە هێشتا ئەکتەرێکین . لە شانۆی دەربەدەریدا بێ زمانین**

**هەتــا ئێســتا . هەتائێســتا . دەوری خۆمــان نازانیـــن (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٦٥)**

دواتر لە شانۆی دووەمدا، کە خاك پارچە پارچە دەکرێت. دەڵێت:

**زامەکانم کرد بە چوار پارچەیەکی خەمبار**

**بــۆ یەکـــەم یـــــار**

**وەستـام لـەبـەر دەرگـای ئازار**

**خەمم کرد بە لافیتەیەکی زامدار**

**بــۆ هـۆنـــراوە بـۆ پـرسیــار** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ل ٦٥)

لێرەوە لەم شانۆیەوە گەشتی ئازار و مەینەتی کوردی داگیرکراو و مافخوراو دەست پێدەکات و دەڵێت:

**ئەوا منیش لــە فەرهەنـگی دڵداریدا**

**داستـــانی خــەم ئـــەنـوســم**

**لـەسەر پەڕەی تاسەی چاوە نواڕیــدا**

**مێژووی شەوی ئاگردانی خەم ئەنوسم** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٦٦)

لێرەدا شاعیر ئاماژە بە مێژوی داگیرکردنی کوردستان دەکات، کە زۆر دوورو درێژەو ژمارەی داگیرکەران زۆرن و هێز و سیاسەتی داگیرکاران تا ئەوپەڕی دڕندانەو پڕ لە ستەم و زۆردارییە. هەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە ئەو مێژووە داستانێکە، کە هەموو وشەو واتاکانی خەم لە ناو خۆیدا کۆدەکاتەوە. تا دەگاتە ئەوەی کە پرسیارەکان لەسەر ئەو مێژووە لەسەر ئەو بارودۆخە بە تەواوی گەمارۆی دەدەن، هەر بۆیە دەڵێت:

**خۆشەویستم . ئەی ماسی دەریایی هاتنم**

**ڕاوچەیەکان ئەیانەوێ . نانی ژەهراویت بدەنێ ..**

**ئەیانەوێ دەنگی بیلال بگەنێ ..**

**ئەیانەوێ بە خوێنی تۆ بنوسن . بەستەی مردنم .**

**خۆشەویستم بۆچی .بۆچی . هەڵمان واسن ؟**

**بۆچی . بۆچی . گۆڕێکمان بۆ دروست بکەن لە ئاسن ؟**

**بۆچی . بۆچی . ئەم ووڵاتە**

**هەڕاج کرێ**

**مەزات کرێ ؟**

**وەکوو پێڵاو وەك پەتاتە ؟**

جگە لە شیعرەکانی، شاعیر خۆی وەك پێشمەرگە لە ناو سەنگەری شەڕو بەرگریکردن لە نەتەوەو نیشتمانەکەی ئامادەیی هەبووە، کەواتە بە هەردوو چەك : چەکی شیعر و چەکی پێشمەرگایەتی لەهەر دوو سەنگەردا ڕووبەڕووی داگیرکەری کوردستان وەستاوەتەوە. لە ناوەڕۆکی شیعرە شۆڕشگێڕییەکانیدا هەموو ئەو کەرەستە و بابەتانەی بەکارهێناوە کە پەیوەندییان بە کێشەی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی کوردەوە هەیە. لە چوارچێوە و شێوەی شیعری هونەری بەرزدا هەموو ئە واقعەی سەردەمی داگیرکاری و شۆڕش و خەباتی نەتەوەیی کورد بە گشتی و کوردی باشوور بە تایبەتی وێنە کێشاوە، تا کورد خۆی و هەموو جیهانیش ئاگادار بکاتەوە لەو ستەم و پێشێلکاری و چەوساندنەوەو داگیرکارییەی، کە نەتەوە سەردەستەو داگیرکەران بەسەر نەتەوەی کوردیاندا هێناوە. بە تایبەتی لەسەر دەستی دەسەڵاتدارای حکومەتی عێراق، کە لە ڕێگای تاوان و داگیرکارییەوە هەموو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەیی و کەمە نەتەوەکانی پێشێل کردووە. هەر بۆیە شیعرەکانی دەنگ و هاواری نەتەوەی کوردی شۆڕشگێڕە بەرامبەر بەو هەموو تاوان و داگیرکارییەی بەسەری هاتووە.

### ٢- ٤: ناوەڕۆک و لایەنەکانی شیعری شۆڕشگێری لای لەتیف هەڵمەت:

بەشێوەکی گشتی لە ناوەڕۆکی شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا ئەم بابەتانە دەبینرێت:

١- ڕەوایەتیدان بە شۆڕش و کۆمەك و پشتیوانیکردنی شۆڕش لە پێناو مانەوە و بەهێزکردنیدا، بەشێکی بەرچاوی شیعرەکانی پێکدەهێنێت. شاعیر ڕەوایەتی دەدات بە هەموو شۆڕشێکی کورد لە سەرتاسەری کوردستان بەوەی، کە لەسەر بنەمای حەق و ڕاستی دامەزراوە و هەڵگیرساوە، چونکە کورد وەك نەتەوەیەکی داگیرکراو لەسەر خاکی خۆی هەموو مافێکی نەتەوایەتی لێ زەوت کراوە و هەمو جۆرە ستەم و پێشێلکارییەکیشی بەرامبەر دەکرێت. کورد سوپایەکی نیشتمانی نییە، کە بەرگری لێبکات، هەر بۆیە مافی خۆیەتی ڕێگای شۆڕشی چەکدارانە بگرێتە بەر لە پێناو بەرگریکردن لە نەتەوە و نیشتمانەکەی . لە شیعری (چرایەك لە شەپۆلی گەرداو) دا کە ئاماژەیە بۆ شۆڕشی کورد لە باشوور، دەڵێت :

**شەپۆلی کەف چڕی هەڵچوونم**
**ئە کشێ بەسەر مەرگ و چیادا**
**گۆرانی ئەڵی بۆ ڕزگاربوونم**
**هیچ تەگەرەیەك کۆڵی پێ نادا** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٥)

کەواتە شۆڕش تاکە ڕێگای ڕزگاربوون و بەدەست هێنانی ئازادیە بۆ نەتەوەی کورد. ڕزگاری و ئازادیش چرایەکە لە ناو شۆڕشەکەوە شەوق و ڕوناکی بە کوردستاندا بڵاو دەکاتەوە. بەهێزیی شۆڕشەکەش هەروەك شەپۆلی گەرداوە، کە بەسەر مەرگ و چیادا هەڵئەکشێ و وەستان نازانێ و هەرگیز کۆڵنادات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمانەش هەمووی ئاماژەن بۆ بەهێزی شۆڕشەکە . لە بەشی دووەمی شیعرەکەیدا شۆڕشی وەك مرۆڤێکی ڕاستەقینە پیشانداوە، کە پەیمان دەدات بە نەتەوەی کورد، ڕاناوەستێن هەتا هێزی داگیرکەر تێك نەشکێنی و مژدەی سەرکەوتن و ئازادی و سەربەستی بۆ کورد نەهێنێ و دەڵێت :

**پەیمانی داوە کام دیوار سەختــە**

**لـەژێرشالاوی تیژیــا بخــــوسێ**

**لەسەر چی بەرد و گرد و درەختە**

**مژدەی سەرکەوتن بۆ کورد بنووسێ          (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٥)**

هۆکاری ئەم بەهێزی و بەردەوامیەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕەوایەتی و پاکیی هەوێنی دروستبوونەکەی، کە خاك و خۆڵی کوردستانە، هەروەها حەز و باوەڕ و هیوا بە ئازادی و سەربەخۆیی، بۆیە دەڵێت:

**ئەم وڵاتە**

**چونکە کانگای ئاواتە**

**چونکە کورەی خەباتە**

**سەرئەکەوێ**

**هەر ئەگاتە**

**ئەو لوتکەیەی کە ئەیەوێ**     (هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٩)

هۆکارێکی تری بەردەوامبوونی شۆڕش لە کوردستان ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئامانجەی لە پێناویا هەڵگیرساوە، ئەویش دەرکردن و نەهێشتن و لەناوبردنی داگیرکەرە لەسەر خاکی کوردستان. هەر بۆیە جارێکی تر لەسەر زمانی شۆڕش خۆیەوە بە داگیرکەر دەڵێت من ئاگرێکم بۆ سوتاندن و لە ناوبردنی تۆ داگیرساوم، بۆیە کوژانەوەم نییە، تا تۆ لەناو دەچیت من هەر دەمێنم و هەر دەسوتێم تا دەتسوتێنم.

**ئەمە باوەڕی منە**

**ئاگرەکەم ناتوێتەوە**

**تەمەنی من بڵێسەیەکی**

**بێ خۆڵەمێشە** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٢٩)

(لەتیف هەڵمەت) لە شیعرەکانیدا ڕەوایەتی بە شۆڕش دەدات و بە لایەوە ڕاستترین ڕێگایە، چونکە داگیرکەر دوای داگیرکردنی خاکی کوردستان، هەموو جۆرە ئازادییەکی لە نەتەوەی کورد زەوت کردووە، بە ئەشکەنجەدان و کۆمەڵکوژی و دەست بەسەراگرتنی سەروەت و سامانی خاك و وڵاتەکەی خراپترینی دۆخی بۆ کورد خوڵقاندووە، چەندین سەدەیە نە هیچ یاسایەکی نێودەوڵەتی و نە هیچ ڕێکخراوێکی پاراستنی مافی مرۆڤ و نەتەوە بندەستەکان نە هاتبوون بە هانای کوردەوە. هەر بۆیە هەموو ئەمانە بەلای (لەتیف هەڵمەت) ی شاعیرەوە لە درۆیەك زیاتر نین. نابێت کورد چیتر چاوەڕوانی هێزی دەرەکی بێت، چونکە سەربەستی و ئازادی نادرێت، بەڵکو دەسەنرێت. سەندنی ماف و ئازادیش تەنها بە ڕێگای بەکارهێنانی هێزی چەك و ئیرادەی بەرزی شۆڕشگێڕی و شۆڕشکردن دەسەنرێ. هەروەك لەم شیعرەدا دەڵێت:

**کێ ئەم گۆڕانەی بۆ هەڵدڕیوم ؟**

**کێ هەتاوی خۆزگەی ژیانی دزیوم ؟**

**لافیتەکان هەمووی درۆیە**

**سەربەستی مرۆڤ درۆیە**

**نەتەوەیەکگرتوەکان درۆیە**

**یەکسانی ... ئاشتی ... برایەتی**

**ڕۆشنبیری ... یاساکان ... خۆپیشاندانەکان**

**هەمووی پڕوپاگەندەیە**

**دە ئەی باروتی تۆڵە و ڕاستی**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**لەگەردەلوولی شەبەقێکی تازەدا**

**هەموویان ونجرِ ونجرِ کە "** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٦١-٦٢)

٢- یەکێکیتر لە بابەتەکانی ناو شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی (لەتیف هەڵمەت) بابەتی سەرنجدانە لەسەر هێزی داگیرکەر بە ئامانجی دۆزینەوەی خاڵی بەهێزی و خاڵی لاوازی سوپاکەی. لە بەرامبەریشدا دۆزینەوەو پیشاندانی هێزی بەرەی شۆڕش و شۆڕشگێڕان. ئامانجیشی لەمە ئەوەیە جەماوەری شۆڕشگێڕ توانای ناسینەوەی هێزو توانا شاراوەکانی خۆی هەبێت، تا ئیرادەی بەهێزبێت و متمانە بە شۆڕش و شۆڕشگێڕانیان بکەن، هەردەم بیرکردنەوەیان لە نیشتمان و پێویستییان بۆ نیشتمان لە جوڵە و بزاوتندا بێت و بتوانن ئامانجەکانیان یەکبخەن و پێزانینی تەواویان هەبێت لەسەر خاڵە لاوازەکانی قەوارەی دوژمن و خراپی دۆخی داگیرکەر. ئەمەش فەلسەفەو بیرکردنەوەی پشت هەنگاوە شۆڕشگێڕییەکەی (لەتیف هەڵمەت)ی شاعیرە، کە وای کردووە ببێتە بەشێکی کاراو دانەبڕاو لە شۆڕش لە ڕێگای شیعرو پیشمەرگایەتیکرنەوە. هەموو ئەم ڕاستیانە دەکاتە وانەو هەست و بیری تاکی کوردی پێ پەروەردە دەکات. ئەمەش لە پێناو بەهێزکردن و سەرخستنی شۆڕشدا دەکات .هەروەك لەم شیعرەیدا دەڵێت:

**تەنهـا هەر سامی شاڵاو بردنم**

**ئەژنۆی ئاسنی دوژمن شل ئەکا**

**لـەڕێی ولاتـا گیانبەخت کردنـم**

**تیغی گەردنی مێژووم کول ئەکـا** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٤)

هەر لە پێناو دەرخستنی ڕادەی بەهێزی شۆڕش و ئیرادەی شۆڕشگێڕاندا دەڵێت:

**لە ناو جەرگەی ڕێگای پڕ لە ناحــەزا**

**لە سامناکی ساڵگاری پڕ جەردە و دزا**

**لـە ژیان و سەرکەوتن بیر پڕ ئەکرێ** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٥)

داگیرکەر، کە دز و جەلاد و ناحەزە، با خاوەنی سوپایەکی سامناك بێت، دواجار هەر دەبێت لەناوبچێت لەسەردەستی هێزی شۆڕش و دادپەروەری و ئازادیخوازان. بۆیە لە شیعرێکی تردا بانگی شۆڕشگێڕان دەکات کە نەخشە و پلانی دامەزراندنی سەنگەرێکی تر و خۆ ئامادە کردن بۆ شەڕێکی تر بکشێن واتە شەڕ و پەلاماردان بەردەوام دەبێت تاگەیشتن بە ئازادی و ڕزگارکردنی هەموو خاکی کوردستان، کە دەڵێت :

**وەرن .. وەرن .. نەخشەی شەڕێکی تر بکێشین**

**وەرن .. وەرن .. نەخشەی سەنگەرێکی تر بکێشین**

**وەرن .. وەرن .. لـــەم ڕێیـــەوە بۆمبـــا بێنین**

**ئە لێرەوە دەرگــای پۆڵای قەڵای خەیبـەر بڕوخێنین** (هەڵمەت ٢٠١٤ ، ٧١)

لە شیعرێکی تردا وەك پێشمەرگەیەک ڕووی دەمی دەکاتە داگیرکەر و پێی دەڵێت شۆڕشەکەمان بە هێزە و کۆتایی نایەت. لە هەر شەڕ و پەلامارێکدا بەشێکی نیشتمان دەکەینە باخچەی گوڵ و ئازادی دەکەین و هەرگیز چاوپۆشی لە خوینی شەهیدو گەلە ستەم دیدەکەمان ناکەین. تۆڵەی هەمو ئەو ستەم و دگیرکارییەتان لێ دەکەینەوە:

**سێبەری هەنگاوەکانم**

**باخچەی گوڵە**

**نیگای چاوە ماندووەکانم**

**باڕوتی تۆڵەیەن** (هەڵمەت ٢٠١٤ ، ٣١)

٣- بابەتێکی تری ناو شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی (لەتیف هەڵمەت) پیشاندانی ڕووە ئاشتیخوازو پڕ لە هیواو گەشبینییەکەی شۆڕشی کوردە، لەبەر ئەوەی شۆڕشی کورد جەنگە لە پێناو بەدەستهێنانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاشتی و ئازادی و ژیانی پڕ لە ئاسایش و ئارامی بۆ نەتەوەی کورد. ئەمە ئەو پەیامەیە کە (لەتیف هەڵمەت) ی شاعیر دەیەوێت بیگەیەنێتە گەلانی جیهان و ناوچەکە، ئەو ڕاستییەی کە شەڕ و شۆڕشی کورد بۆ بەرگریکردن و پاراستنی گیان و ماڵی گەلی کوردە و شۆڕشێکی پیرۆزە و پەیامی ئاشتیخوازانەی هەڵگرتووە و پڕە لە ڕوناکی و هیوا بە بنیادنانی کوردستانێکی سەربەستی پر لە ئاشتی و ئارامی. (لەتیف هەڵمەت) پیرۆزی شۆڕشی کورد لە پەیامە ئاشتیخوازەکەیدا دەبینێتەوە و زۆربەی کاتیش کۆتری سپی، کە نیشانەی ئاشتییە، وەك ڕەمز و هێما بۆ شۆڕشگێڕان بەکار دەهێنێت. هەر وەك لەم نموونە شیعریەدا دەردەکەوێت:

**کۆتری سپی ڕێگای دوور بڕی**

**لە سامناکیدا شەقەی باڵی دێ**

**نیگای بە جۆشی پڕ کڵپە و گڕی**

**وەك مۆم هەڵئەکات لەڕێی شار و دێ** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٦)

لە شیعرێکی تردا زۆر بە ڕوونی ویست و داوای کورد بۆ ئاشتی و کۆتاییهێنان بە جەنگ و داگیرکاری دەخاتە ڕوو، چونکە خوێنڕشتن و ستەم و کاولکاری لە کوردستاندا گەیشتۆتە لوتکە و داگیرکەران زۆر بێ ڕەحمانە ژیانیان لە کورد کردۆتە دۆزەخ. هەر بۆیە شاعیر هاوار دەکات و پەنا دەباتە بەر (محمد د.خ) پێغەمبەری ئاشتی تاوەکو بێت و کۆتایی بەو شەڕ و کارەساتانە بهێنێت، هەر وەك دەڵێت:

**هەزار ساڵە بە سەرشۆڕی ئێمە لە دایك ئەبین**

**هەزارساڵە پردی سیرات**

**هەر ئەبڕین . هەر ئەبڕین**

**بەرەو دۆزەخی کارەسات**

* * *

**محمد کوا . محمد کوا ؟**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**هەواڵی بپرسین لە خوا**

**بابێ بابێ کۆتایی بێ ئاژاوە**

**خۆشەویستی بکا بە نمەی باران**

**بەشی بکا لە هەمووان**

**بابێ بابێ بیلال ... لە دیلێتی ڕزگار بکات**

**نەخشەیەتر .. بۆشار بکات** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٧٢ – ٧٣)

لە پارچە شیعرێکی تردا و لە وەسفی شۆڕشی کوردی دا دەڵێت شۆڕشی کورد لە باشوور لە پێناو بەدەست هێنانی سەربەستی و ئازادیدا بەرپا بووە . هەر بۆیە دوورە لە ڕق و کینە و بە خۆشەویستی و ڕاستی گڕی ئەو شۆڕشە هەڵکراوە . ڕاستە ئاگرەکەیان وەك بورکانە دوژمن و داگیرکەر لە ناویدا دەسوتێن و دەتوێننەوە، بەڵام هەموو ئەمانە لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی و ئاشتی بۆ کورد و کوردستان ئەنجام دەدەن:

**ئەو ڕێبوارە کە میوانی تازەی شارە**

**بورکانی ژێر پیرە دارە**

**وشەکانی دڵدارییە**

**چاوی مژدەی بەختیارییە**

**دەستی خۆری بەهارە**

**ئەی سەرەتای داری هەتاو**

**ئەی شارەگی هەموو هەستی**

**هەمیشە گڕی سەربەستی**

**خۆشەویستی یە هەلبەستی** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٦٣

٤- بابەتی سەرەکیی شیعری شۆڕشگێڕی بە گشتی و شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی (لەتیف هەڵمەت) بریتییە لە (پێشمەرگە)، ئەو کوردەی بڕیاری هەڵگرتنی چەك دەدات و ڕێگای شاخ و چوون بۆ ناو شۆڕش دەگرێتە بەر و سەنگەر دەکاتە شوێن و ماڵی خۆی و دروشمی یان مەرگ یان ئازادی بۆ کوردستان و کورد بەرز دەکاتەوە. هەر بۆیە پێشمەرگەبووە بە ڕەمز و هێمای پاراستنی خاك و نەتەوە و لە ناوبردنی داگیرکری لەسەر خاکی کوردستان، چونکە بە درێژایی مێژووی شۆڕشەکانی کور پێشمەرگە لە چ شوێنێك بوبێت ئەوا سەربەستی و ئازادی لەو شوێنەدا بەر قەرار بووە و بەو شوێنە گوتراوە خاکی ئازدکراو. بۆیە لەتیف هەڵمەت زۆر گرنگی بە کەسایەتییە بەرز و بەهادارەکەی پێشمەرگە دەدات و لە شیعرەکانیدا وێنەی ئەو کەسایەتییە و ڕۆڵ و کاریگەریی لە ناو شۆڕشدا دەکێشێت و دەیخاتە بەرچاومان. لە یەکێك لە شیعرەکانیدا وێنەی ئەو چرکەساتەی پێشمەرگەیەك دەکێشێت، کە تیایدا بڕیاری چوون بۆ شاخ و ناو شۆڕش دەدات. ئەوەتە دەڵێت:

**ئەرۆم دایە**

**ئەگەر ئیتر نەهاتمەو**

**دەبم بە گوڵ لەو چیایە**

* * *

**لەهەر خاکێ زۆر دار بژی**

**لەوێ دەبم بە بۆمبایە**

**ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە**

**ئەبم بە بستێ زەوی**

**بۆ دنیایەك گەورەترە لەم دنیایە ...**

* * *

**ئەرۆم دایە**

**ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە**

**گیانم وشەی**

**گشت شاعیرێکی ئازایە** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ١١٩)

(لەتیف هەڵمەت) خۆی پێشمەرگە بووە و لە ناو شۆڕش و سەنگەری بەرگریدا بووە. بۆیە ئاگاداری چۆنیەتی ژیان و خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەکان بووە. لە شیعری (لوتکە) دا باس لەوە دەکات چۆن خۆشەویستی بۆ نیشتمان وای کردووە لە ژیانی شار دوور بکەوێتەوەو بەدەم بانگی چیای هەندرێنەوە بچێت و خۆی بگەیەنێتە ناو ئەشکەوت و سەر لوتکەی چیاکان و ببێت بە پێشمەرگە. هەر لەو ساتەوە بە هەردو دەستی قەڵەمەکەی و چەکەکەی هەڵ دەگرێت و دژی داگیرکەر دەجەنگێت

**هەندرێنیش شەو پێی وتم :**

**گەر ئەتەوێ گیانت ببێ بە ئەستێرە و لە ناو بەفری**

**کوێستاناندا .. وەکو مناڵ یاری بکا هەموو شەوێ**

**وەرە بۆ سەر لوتکەی بەرزم ..**

**ناو ئەشکەوتم ..**

**دەنگی گشتیانم ون کرد و**

**دوای دەنگی هەندێك کەوتم ..** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٣٣)

لەشیعرێکی تردا و لەسەر زمانی پێشمەرگە خۆیەوە باس لەو پەیمانە دەکات، کە پیشمەرگە بە خاك و نەتەوەی دەدات، کە بەردەوام بێت لە شۆڕش و خەبات تا کورد و کوردستان ئازاد و سەربەست نەکات ناگەڕێتە دواوە:

**پەیمانم داوە پەیمانم داوە**

**تا پرشنگی هەتاوی بەهار**

**وەك شانە نەدەم لەو قژە خاوە**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**نایامە دواوە**

**نایامە دواوە**

**ئەشێلم دڕکی هەزاران ئازار**

**چزوی بزماری هەزاران دیوار**

**ئەنوسم لەسەر ئاسمانی دێ و شار**

**لەسەر دەواری دڕاوی هەژار**

**لەسەر چەپۆکی ناقوڵای زۆردار**

**پەیمانم داوە**

**کلّپەی نەورۆزی ڕۆژی ئازادی**

**بۆ منالّ بکەم بەدیاری شادی** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ١١)

٥- (لەتیف هەڵمەت) لە بیرکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیدا سەرنج دەخاتە سەر نەخشەی کوردستان و جوگرافیا و سنووری کوردستان دەبێتە بابەتێکی گرنگی ناو شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی. ئەمەش لە خۆشەویستی شاعیر بۆ خاك و نیشتمانەکەی سەرچاوەی گرتووە. لە ئێستادا خاکی کوردستان خراوەتە ناو نەخشەی چەندین وڵاتی جیا جیا لە ناوچەکەدا وەك وڵاتی (ئێران، ئێراق، سوریا، تورکیا، ئازەربایینجان، ئەرمینیا). خاکی کوردستان لە ناو نەخشەی هەموو ئەم وڵاتانەدا بوونی هەیە. خەیاڵی شاعیرانەی (لەتیف هەڵمەت) ئەم واقیعە دە گوازێتەوە بۆ ناو دونیایی شیعرەکانی و لەناو چەندین پارچە شیعری ناوازەدا باس لە نیشتمان و کێشە نیشتمانییەکەی کورد دەکات. لەم شیعرەیدا کە بەناوی (نەخشە) نووسیویەتی، دنیایەک کە ئەم تیایدا بێ وڵات بێت، دەیسوتێنێت، بۆیە دەڵێت:

**کاتێ هاتم**

**دەرگاکانیان لێ داخستم**

**نامەیەکیان نایە مستم**

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێیان ووتم : بێ وڵاتم**

**هەر ئەو ساتە**

**بریارم دا بسوتێنم**

**ئەم نەخشەیەی ئەم دونیایە** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٧٥- ١٧٦)

لە شیعرێکی تردا پارچە پارچە کردنی خاکی کوردستان و ئەوەش رەت دەکاتەوە، کە وای لە کوردەکان کردووە بە ناچاری بڵێن (باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا) ی کوردستان. هەر بۆیە دەڵێت:

**بەڵام نیشتمان**

**هەر یەکێکە و قەت نابێ بە دووان**

**نە جێم دێڵێ و نە لێی دەتۆرێم**

**تێکەڵ بووین وەك گوشت و یەسقان** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٦٢)

لە شیعرێکی تریدا باس لە کۆبوونەوەی هێزی دژەکان لە دژی کورد دەکات، کە چۆن لە جەنگەکانی جیهانیدا ئیمپریالیزمی جیهانی و داگیرکەرە ناوچەییەکان یەکیان گرت و بۆ بەرژەوەندی خۆیان کوردستانی داگیرکراوین ئەوەندەی تر پارچە پارچە کرد، وە دواتریش خاپوور و وێرانیان کردو دەڵێت:

**ئەی زەوییە سوتاوەکە ئەوەتا من**

**تۆسقاڵ تۆسقاڵ پڕزۆلەکانت**

**لە گەردەلوولەکاندا کۆدەکەمەوە و**

**لەسەر هەموو تاشە بەردێکدا**

**ژمارەی تاوانەکانی**

**ئەو ژەنەڕاڵانە دەنووسم**

**کەلە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا**

**تۆیان کەوڵ دەکرد** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٨٦)

دوای ئەو هەموو کارەسات و داگیرکارییە، دوای سڕینەوەی وشەی کوردستان لەسەر نەخشەی جیهان، دەیانەوێ ئەم وشەیە لە ناو زمانیشدا بسڕنەوەو بەزەبری هێز ناوهێنانی کوردستان لە کورد قەدەغە دەکەن، هەر بۆیە (لەتیف هەڵمەت) ئەم سیاسەتە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت:

**ناوی وڵاتەکەم وەکو پارەی بە نهێنی دروستکراو**

**قاچاخە**

**ئەی وڵاتە ئاگرەکەم**

**قامچی برسیتی و دەربەدەری**

**هەموو شتێکی پێ هەڵهێناومەتەوە**

**تۆ نەبێ**

*** * ***

**کە تۆ دەکەن بە زیندان**

**من دەبم بە هەتاویکی نهێنی**

**کە بە تاوانی تۆ پەرستی**

**گومڕام دەکەن و**

**کەولم دەکەن** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٤٦٥)

ئەم شاعیرێکی شۆڕشگێڕە و عەشقی نیشتمان لە ناو ناخ و دڵیدایە، هەر بۆیە لەڕێگای شیعرەکانیەوە لەگەڵ نیشتمان دەکەوێتە گفتوگۆ باسی ئەو نەهامەتیانەی بۆ دەکات کە بەسەر هەردوو کیاندا بە ناحەق هێنراوە.

(لەتیف هەڵمەت) لە شیعرێکی تردا وێنەی عەشقی خۆی بۆ نیشتمان تێکەڵ بە چیرۆکی عەشقی شیرین و فەرهاد دەکات. چۆن فەرهاد بۆ عەشقەکەی چیای بێستون هەڵدەکۆڵیت و دەینەخشینێ، شاعیریش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ عەشقەکەی نەخشەی جیهان دەگۆڕێت، تا نەخشەی جوانی کوردستان لە سەری هەڵکۆڵێت و بینەخشێنێ .

**من فەرهادم . بەڵام دڵدارەکەم شیرین**

**نیە**

**دڵدارەکەم وڵاتەکەمە وڵاتەکەم**

**من فەرهادم بەڵام ئەمجارە بێستون**

**هەڵنکۆڵم . نەخشەی زەوی دەگۆڕم**

**نەخشەی زەوی**

**من یەکم**

**خوایەکە و**

**نیشتمانیش یەك** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٤٩١ – ٤٩٢)

٦- لەتیف هەڵمەت ترس و مەترسی و کارەساتەکانی (ئەزموونی ترۆماتیکی مرۆیی) گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە ( پاکتاوی ڕەگەزی و کۆمەڵ کوژی و شاڵاوی ئەنفال و بە عەرەب کردن و کیمیاباران کردنی خەڵکی کوردستان )دەکاتە ئەزموونی شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی خۆی. ئەم شاڵاوانەی ڕژێم لەبەر ئەوە بوو هەم بە خێرایی و هەم بە تەواوەتی شۆڕشی کوردو گەلی کورد لە باشوور و ئەوەی هەیە لەسەر خاکی کوردستان لە ماڵ و موڵك و هۆکاری بژێوی و سامانی سەر زەوی و ژێرزەوی، یان لە ناویان ببات یان دەستیان بەسەردا بگرێت و ببیات بۆ خۆی. بەڵام هەموو ئەمانە شاعیریان بێدەنگ نەکردو دەقە شیعرییەکانی دەخاتە خزمەتی گەل و نەتەوەکەی. بۆیە دەیەوێت ئەو دەروونە پاش ترۆمایەی تاك و کۆمەڵگای کوردی پێناسەو چارەسەر بکات، بەوەی لە دۆخی واقیعی جیهانی خۆیەوە بیگوازێتەوە بۆناو دۆخی جیهانی دەقە شیعرییەکانی. تا لە ڕێگای ئەم گۆڕانکارییەوە

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وریاییەك بە تاك و كۆمەڵگای كوردی ببەخشێت، كە جیاوازبیت لەو ورییاییەی پێش ئەو ئەزموونە هەبووە. هەر وەك لەم شیعرەید دەڵێت:

**مەڕۆن مەڕۆن**

**تینوتان بوو میزی خۆتان بخۆنەوە**

**برسیتان بوو قوڕی زەوی بكەن بە نان**

**گۆشتی لەشی خۆتان بخۆن**

**بەڵام مەڕۆن**

**پەنجەكانتان**

**هەموویە سقانەكانتان**

**بۆ شەڕێ تر بكەن بە تیر و كەوان**

**گۆڕی خۆتان لە ماڵەكانی خۆتاندا هەڵبكەنن**

**ڕێ لە مردن بتەنن**

**بە مردنیش پێ بكەنن** (هەڵمەت ٢٠١٤ ، ٢٤٦)

سیاسەتی پاكتاوی ڕەگەزی و درندانەی ڕژێمێكی دەسەڵاتدار هەموو گوتارێكی ڕەت دەكردەوە، كە سەرپێچی بكردایە. هەر لەبەر ئەمەش بوو (لەتیف هەڵمەت) شیعری كردتبووە گوتارێك بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو سیاسەتە. هەر بۆیە بیركردنەوە لە وزە و توانای بێ دەرەتان و ستەم لێكراوەكان بۆ خوڵقاندنی دۆخی جوڵە پێكردنی هێزی ئەوان لە ناو دەقە شیعرییەكانیدا بووە بە یەكێك لە ئامانجە سەرەكییەكانی. هەر وەك لەم شیعرەید دەڵێت :

**كە ڕوو بارەكان یەك دەگرن**

**گشت دیورەكان دەمرن**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**کە گشت چراکان یەك دەگرن ... ڕووناکی ...**

**گڕ بەر ئەدات لە ڕەشماڵی تاریکایی**

**کە دەستی گشت هەژارەکان ببن بە یەك**

**ئاسنی چی کارگە هەیە بیکەنە یەك کەلەبچەیەک**

**وەکو دەزوو دەیپچڕن**

**جا ئەو سایە**

**هەر جوانییە و هەر شادییە و ئازادییە ئەم دونیایە** (هەڵمەت ٢٠١٤ ، ٢٤٩)

(لەتیف هەڵمەت) بە زمانێکی سادەو نزیك لە زمانی خەڵك، لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا بابەت و بیردۆزەی سیاسەتی خوێناوی و پڕ لە تۆقین و ستەمکارانەی حکومەتی عێراق ڕوون دەکاتەوە. تا وابکات ژیان مانایەکی نوێی هەبێت و نهێنییەکان نەبنە تاریکایی و نەیانباتەسەر ڕێگایەك، کە تیایدا دەستبەرداری عەقڵ و ویژدان و بەرپرسیارێتییەکەیان ببن. هەر بۆیە هێز و ڕاستی دەتوێنێتەوەو ئەزموونی ژیانێکی نویێ بۆ تاکی کورد بنیاد دەنێت و دەڵێت :

**منالانی نیشتمانی گولاڵەی خوێن**

**فێربکەن چۆن**

**لەگشت موویەکی لەشیانا گەرای تۆڵە دابنێن**

**فێریان بکەن چۆن گشت بەردێکی کوردستان**

**بکەن بە بەردەقارەمان**

**چۆن ئەوینی سەربەستی**

**بکەن بەبەردی دەسی**

**بڕوخینن قەلا و زیندان**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دروست بکەن جیهانێ جوان ...** (هەڵمەت ٢٠١٤ ، ٢٤٦)

(لەتیف هەڵمەت) دژی شاڵاوی ئەنفال و ڕاگواستن و پاکتاوکردنی کورد لەسەر خاکی کوردستان دەوەستێنێتەوە و لە بەرامبەردا لە شیعرەکانیدا پێناسەی ناسنامەی نەتەوەی کورد جێگیر دەکات . وێنەی نەتەوەیی بوونی کورد وەك ڕەگی دارێك، کە ڕیشەی خۆی بە قووڵی و پتەویی بە خاکی کوردستانەوە گیرکردووە، ئاوا کورد تێکەڵ بە کرۆکی زەوی خاکی کوردستانەوە گرێ دەدات. هەر لە ڕێگای وشە و زمانە شیعرییەکەیەوە وێنەی ناسنامەی کورد لەسەر خاکی کوردستان دەکێشێت و دەیکاتە گوتاری زاڵی دەقە شیعرییەکانی و بەگژ هێز و هەڕەشەی تواندنەوەی کورد لە ناو ئەوی تری زاڵدا، کە (عەرەبە)، دەچێتەوە. لەم شیعرەیدا پەیوەندییەکی ئۆرگانی بەهێز لە نێوان کورد و کوردستاندا دروست دەکات بە جۆرێك کە هەرگیز لەیەك جیانابنەوە و دەڵێت:

**ئەی نیشتمان ناوی تۆ خۆشترین ناوە**

**لەسەر دڵم هەڵکۆڵراوە**

**ناوی تۆ خۆشترین ماچە**

**لە گیانمدا ڕەگی قووڵی داکوتاوە**

*** * ***

**نیشتمانم**

**بەگشت دار و بەرد و ئاو و ئاسمانیەوە**

**تۆزقاڵ .. تۆزقاڵ هاتۆتە ناو ناو گیانم**

**کە پاسدارێکی شای عەجەم**

**پەنجەیەکی من داخ دەکات**

**گەڵای دەر بەڕوویەکی نیشتمانم هەڵدەقرچێ** (هەڵمەت ٢٠١٤ ، ٥٧٧)

لە شیعرێکی تردا جارێکی تر جوانی و بەهێزی شیعرەکانی گرێ دەداتەوە بە بەهێزی و جوانیی کوردستانەوە و شیعر و نیشتمان ئاوێتە و تێکەڵاو دەبن و دەبنە یەك:

**ئەم وشانەم هەر بە ڕێکەوت**

**وا بەتین نین**

**لەگەڵ ڕیچکەی بەرانان و هەیبەت سوڵتان**

**ڕەگی خۆیان گۆش کردووە**

**ئەم دلەشم هەر بە ڕێکەوت**

**وا تۆکمەو ئەستوور نەبووە**

**ڕیشاڵ ڕیشاڵ هەرچی بنج و ڕەگی هەیە**

**تێکەڵاوی ڕەگی سەدان دار بە رووە** (هەڵمەت ٢٠١٤ ، ٥٥٩)

لێرەدا ڕەگ و ڕیشاڵی دڵ و شیعر و داربەڕووی وا لێك ئاڵاندووە، کە هەر سێکیان یەکە یەکی وا بەهێز دروست دەکەن، بە هیچ شتێك لە یەك جیا نابنەوە و لەناو ناچن. ئەمە ئەو ستراتیژەیە کە شاعیر کاری بۆ دەکات، کە خۆی لە مانەوەی کورد لەسەر خاکی کوردستان دەبینێتەوە و شەڕی وجود و مانەوەی لەسەر خاکی کوردستان هەڵدە گیرسینێتەوە.

**داری بەڕوو فێری کردم**

**چۆن ڕەگی هۆنراوەم قووڵ بێ**

**داری بەڕوو فێری کردم**

**چۆن نەخزێم**

**هەرچەن شەختە و گەردەلوول بێ** (هەڵمەت ٢٠١٤ ، ١٧٥)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەشیعرێکی تریدا وێنە گۆڕاو و پێچەوانەکەی دۆخی تاکی کورد لە پێناسەیەکی نوێدا دووبارە خۆی پیشاندەداتەوە و ئەوەش پیشانی داگیرکەر دەدات، کە هەموو پلانەکانی پوچەڵ بوونەتەوە و دوژمن لەم شەڕەشیدا دۆڕاوە و دەڵێت:

**هەرچواردەور میان کرد بە دیوار**

**نەیان زانی هۆنراوە**

**وەك چۆلەکە لە پەناوە**

**ماچەکانم دەبا بۆیار**

**نامەکانم دەبا بۆ شار**

* * *

**وایان زانی بەرگەی ڕەشەبا ناگرین**

**نەیان زانی خۆشەویستی فێرمان دەکات**

**نەبەزین و هەر نەبەزین**

**وەك پیرەدار بەڕووی بەتین**

**وەك هەڵگورد و وەك هەندرێن**

**لەم خاکەدا ڕەگ دا کوتین**

**هەربژین و هەربژین** (هەڵمەت ٢٠١٤، ٩٥)

هەر لەم چوار چێوەیەدا دژی بەشێکی تری ئەم سیاسەتە دەوەستێتەوە، کە ڕاگواستنی کوردە لەسەر خاکی کوردستان، بە مەبەستی دابڕاندن و دوورخستنەوەیان لە شوێن و زێدی خۆیان و دەرکردنیانە لە ناو ماڵ و موڵکی خۆیان و بردنیانە بۆ ناو کۆمەڵگای زۆرە ملێ. ئەمەش چەندین ئامانجی لە پشتەوە بوو لەوانە: ڕووخاندنی ژێرخانی ئابووری لە باشووری کوردستان، بڵاو بوونەوەی هەژاری و بێ کاری، دارمانی کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، وێرانکردنی گوند و ڕەز و باخ و شوێنەوار و سەیرانگاکانی

کوردستان، دەست بەسەرکردنی کوردەکان لە ناو کۆمەڵگا زۆرەملێکاندا، تێکدانی کلتوور و زمان و پێکهاتەی بنیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی. (لەتیف هەڵمەت) لەسەر ئەم دۆخە نالەبارەی ژیانی کوردە ڕاگوازراوەکان دەڵێت:

**وشەکانم دروست ئەکەم لە هاواری**

**ئەو خێزانەی کەوا بە زۆر دەرکراوە**

**لە گۆرانی تینوی تۆڵەی چاوەنواڕێ**

**ئەو کۆرپەیەی کە لە باوکی بە جێ ماوە** (هەڵمەت ٢٠١٤ ، ٢٩)

زۆربەی خێزانە ڕاگوازراوەکان باوك و کوڕەکانیان، یان هەندێك جار دایکەکانیشیان، لە کاتی هێرشەکەدا یان لە ناو شۆڕشدا شەهید بوون، منداڵانی ناو ئەو خێزانانەش پرسیاری ئەو دۆخە خراپە ڕوو بە ڕووی دایکیان دەکەنەوە:

**دایە بۆچی چاوی خانوەکان مرد ؟**

**بۆ دووکەڵی زنجە سوتاوەکان**

**بوو بە مەمکی دەمی کۆرپەکان ؟**

**دایە کێ مۆمەکانی کوژانەوە ؟**

**کێ چراکانی پڕ کرلە ئاو ؟**

*** * ***

**ئەی گورگە چاو ئاوساوەکانی دەوری ساجەکەم**

**تا کەی تێر ناخۆن ؟** (هەڵمەت ٢٠١٤ ، ٦٠)

(لەتیف هەڵمەت) جگە لە وێنەکێشانی ئەو واقیعە، ئەو سیاسەتەش ڕەت دەکاتەوە و دژی دەوەستیتەوە، داواش لە کوردەکان دەکات زێد و شوێنی خۆیان بۆ داگیرکەر جێ نەهێڵن:

**دەسا هەموو دەربەدەر و وێڵەکانی ڕێگای ئاگر**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئەی ئەوانەی دوومەڵی دڵ**

**بۆ تۆی گوڵ**

**ئەکێڵن**

**نە بارەکان بپێچنەوە**

**نە ئەم دارە جێبێڵن** (هەڵمەت ٢٠١٤ ، ٦١)

واتە دەیەوێت خەڵک وەک داربەڕوو چۆن رەگی بە ناخی زەوی کوردستاندا رۆچووە، ئەوانیش پەیوەست بن بە خاکەکەیانەوەو بەهیچ جۆرێک بەجێی نەهێڵن بۆ دوژمن و داگیرکەر.

٧-(لەتیف هەڵمەت) وشەکانی ناو فەرهەنگ و شۆڕش دەهێنێتە ناو شیعرەکانیەوە، چونکە بەلایەوە پەلامار دان و سەنگەر گرتن و پەلاماردانی دوژمنانی ئاشتی و ئازادی بۆ گەلێکی داگیرکراو رەوایە . هەر بۆیە لەم شیعرانەیدا لەبری وەسف و پیشاندانی دیمەنی جوانی سروشت و ئافرەت ، وێنە و دیمەنی ناو سەنگەر و چرکەساتی شەڕ و پەلاماردانەکان دەکێشێت و جوانی هەڵوێستی قارەمانانە و ئازایانەی شۆڕشگێڕان دەخاتە سەروی هەموو جوانیەکان و بە تەواوەتی خۆی دەستکراوە دەکات و بەگیانی شۆڕشگێڕنە وە شیعرەکانی بەکێش و ئاوازی ڕێژنەی گوللە و گرمەی تۆپ و هاوەن دادەڕێژێت گوێی هەموو تاکێکی کورد بەمۆسیقا و ئاوازی شیعری جەنگ و تۆڵە پڕدەکات ، ئەو ئاوازەش دەبێتە خۆشترین مۆسیقا کە مژدەی سەرکەوتن بۆ شۆڕشگێران و خەڵکی کوردستان دەهێنێت .هەروەک دەڵێت:

(( ئەگەر باوەڕناکەی

وا تفەنگەکەم گۆرانیت بۆ ئەڵێ )) (هەڵمەت ،٢٠١٤.٤٩)

هەر لەم شیعرانەیدا لەجیاتی بۆنی خۆش و گوڵ و خۆشەویستیەکەی بۆنی باروت و دوکەڵی ئاگری تۆپ و تەپ و تۆز و عارە ق و خوێنی شەهید و برینداره‌کان تێکەڵاو دەبێت لەگەڵ هاتنی مژدەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرکەوتندا خۆشترین بۆنیان بۆ دەهێنێت ، چونکە خۆشی سەرکەوتنەکان هەموو شتێک جوانتر دەکات . هەروەک لەم شیعرەدا دەڵێت:

**لەدوکەڵی گەردەلولی ستەما**

**لە لێڵای کەفی بیابانی تەما**

**لەسەر لێوی ئاگرینی سەنگەرا**

**کڵپەی گوللە بەگەلێ لەشا ئەچزێ**

**وەکو سێبەر ئەیکا بگەرووی هەردا** (هەڵمەت،٢٠١٤،٧١)

کەواتە شۆڕشگێڕان لەهەر شەڕو پەلاماردانێکیاندا بەشێکی نیشتیمان ئازاد دەکەن و خاکی کوردستان دەکەنە پشکۆ و ئاگر بەسەر دژمندا دەبارێنن و لە جەنگی تۆڵە سەندنەوە و ڕزگاریدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن.

**ئەنجام:**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک، کە گرنگترینیان بریتین لە:

1- لەتیف هەڵمەت یەکێکە لەو شاعیرە دیارانەی، کە شیعری شۆڕشگێڕی و بەرگری سنوورێکی بەرفراوانی لە ناو شیعرەکانیدا داگیرکردووە. تەنانەت یەکەم شیعری خۆی بۆ شەهید و پێشمەرگە نووسیوەو دەچێتە خانەی شیعری شۆڕشگێڕییەوە، چونکە بابەتی شیعرەکەی بابەتی شۆڕشگێڕییە.

2- هەوڵی داوە لەڕێگای بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانە و شیعرە شۆڕشگێڕییەکانیەوە عەقڵی تاکی کورد پەروەردە بکات، بنەمای بڕواو متمانە بە خۆبوون و ئیرادەی بەرزی شۆڕشگێڕانەیان تیا بچێنێت.

3- لەتیف هەڵمەت لەسۆنگەی بڕوابوونی تەواوی بە هەبونی کێشەی داگیرکاریی کورد و ملکەچ نەبونی بۆ ئەو داگیرکاری و ستەمەی کە لە نەتەوەی کورد و دەکرێت، شیعرەکانی تێکەڵ بە بابەت

و ڕووداوە گرنگەکانی سەردەمی شۆڕش دەکات و زۆر بەقوڵی ڕۆدەچێتە ناو مێژووی داگیرکردنی خاک و نەتەوەی کوردەوە. هەر بەمەش ناوەستێت، بەڵکو دەبێتە پێشمەرگە و دەچێتە ناو ڕیزی شۆڕشگێڕان و هەم بەچەک ، هەم بە قەڵەم بەرگری لەکورد و خاکی کوردستان دەکات.

4- لەتیف هەڵمەت توانی شیعری شۆڕشگێڕی لە قاڵب و فۆرمی ڕیکلام و هاتوهاوار بهێنێتە دەرەوەو لە قاڵبی شیعری بەرزی هونەری و پاراو بە بیر و فەلسەفەی شۆڕش و شۆڕشگێڕیدا دابڕێژێتەوە.

## سەرچاوەکان:

**کوردییەکان:**

1. ئاشنا، ئومێد (٢٠٠٨). دیوانی بێکەس، ل ٨٧ .
2. بایز، ئەرسەلان (١٩٩٩). ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی (١٩٧٥-١٩٩١)، سلێمانی، عێراق.
3. ڕەسوڵ (د)، عیزەدین مستەفا (١٩٩٩). مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، تاران، ئێران.
4. یەعقوبی، عبدالخالق (٢٦ – نوفەمبەر – ٢٠١٨). ئەزموونی شیعری شۆڕشگێڕی کوردی،، زمان و ئەدەبی کوردی في فیسبوك.
5. بەشارە، عەزمی (٢٠١٢). شۆڕشناسی، وەرگێڕانی : یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها، چاپخانەی شقان، سلیمانی، عێراق.
6. هەڵمەت، لەتیف (٢٠١٤)، دیوانی لەتیف هەڵمەت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، عێراق.
7. هەڵمەت، لەتیف، (٧ – ٨ - ٢٠١٥). چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەلایەن توێژەری ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجام دراوە، کتێبخانەی ماڵی خۆی، کاتژمێر ١:٣٠.
8. ئەمین، محمد ئەمین محمەد نوری (٢٠٠٣). شەقڵی نوێخوازی لە شیعری کوردی و فارسی سەدەی بیستەمدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زمان، سلێمانی، عێراق.
9. موکریانی، هێمن (٢٠٠٥)، دیوانی هێمن، دەزگای ئاراس، هەولێر، عێراق.

**عەرەبییەکان:**

10. برباش، نوال (٢٠١٧). الإلتزام في الشعر ثوري (ابو قاسم الشابي )، تونس.
11. معجم الوسيط (١٦ – آكتوبر – ٢٠١٧). رؤيا للبحوث و الدراسات .www.ruyaa.
12. ابو نضال، نزية (١٩٧٩). جدل الشعر و الثورة، المؤسسة العربية لدراسات و النشر، بيروت، لبنان.

13. مزدور، احمد (٢٠٠٥). الثورة الجزائرية في الشعر المصري، القاهرة، مصر.
14. ابو غزالة، سميرة (٢٠١٢). الشعر العربي القومي في مصر و الشام، المؤسسة المصرية العامة للنشر، مصر.
**گۆڤار و رۆژنامە:**
15. خەزان (١٩٧٣). هونەر و شۆڕش و ئەم سەدەیە، گۆڤاری بەیان، ژ(٩).
16. یامولْکی، مستەفا پاشا (١٨ ئەیلول، ١٩٢٢). بانگی کورستان، ژ ٦.

## ملخص

تحاول هذه الدراسة الموسومة بـ (**الفكر الثوري في شعر لطيف هلمت**) قراءة وعرض دور الادب ومنه الشعر والشعر الثوري على وجه الخصوص الذي يمجد النضال الكوردي وسعيه لتحقيق الحرية والاستقلال. تناولت الدراسة دور لطيف هلمت الذي تماهى مع التجربة ووظف افكاره التنموية لمواكبة تطورات الشعر الثوري، ولتحقيق ذلك، تعمقت هذه الدراسة في مثيرات الفكر الثوري ومحفزات كتابة الشعر الثوري لدى الشاعر وابراز اهم جوانب ومظاهر هذا النمط من الشعر لدى لطيف هلمت، ولعل اهم ما آلت اليه هذه الدراسة من نتائج هو بيان مقام الشاعر لطيف هلمت بين الشعراء الذين اعطوا اسبقية وافضلية لشعر الثورة والمقاومة، اذ نجد في اول شعر له يمجد الشهداء والبيشمركة ليخترق بهذه المحاولة فضاء الشعر الثوري.
**الكلمات المفتاحية**: الشعر الثوري، النضال، الفكر الثوري، البيشمركة، الاحتلال

# Revolutionary Thinking in Latif Halmat Poetry

**Dr. Kwestan Jamal Salam**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq
kwestan.salam@univsul.cedu.iq

## Abstract

This research, under the title “**Revolutionary Thinking in Latif Halmat Poetry**” aims to analyze and highlight the role of literature and poetry in general and revolutionary poetry in particular. In other words, Kurdish revolutionary poetry written for freedom and independence. Thus, this research underlined the significant role of Latif Halmat in which represented in employing his development thoughts to keep abreast of

revolutionary poetry developments. Therefore, this study investigated the stimuli of revolutionary thought, the motivations for writing revolutionary poetry and the excellence of Latif Halmat poetry style. Perhaps, the most significant finding of this research might be the fact that Latif Halmat is one of the poets that dedicated most of his journey to poetry of revolution and resistance. In this context, Latif Halmat in his first poem praises Peshmerga and the martyrs and by that he becomes a revolutionary poet.

**Keywords**: Revolutionary Poetry, Resisting, Revolutionary Thinking, Peshmerga, Occupation